## بەکر رەشید:

# لەبەر هەرزانی نرخی درامای دۆبلاژ کراو کەناڵە کوردییەکان گرنگی بە درامای کوردی نادەن

**بەکر رەشید ئەو هونەرمەندەیە کە ساڵانێکە لە خزمەتی هونەری کوردیدا بوونی هەیەو خاوەن توانستێکی بەرزی هونەرییە. لە هەردوو بواری نواندن و کاری دەرهێناندا، لە شانۆ و دراما، رۆڵی خۆی بینیوە، مرۆڤێکی سادە وساکارە وەك هونەرمەند لە خەون و خەیاڵەکانی خۆیدا دەژی بەردەوام بەدوای داهێناندا دەگەڕێت، ئێستا خەریکی درامایەکی نوێیە بە ناوی (تارمایی تاوان) کە چەندین هونەرمەندی هەولێر و دهۆك و سلێمانی بەشداری تێدا دەکەن، لە دەرفەتێکدا وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

***ماوەی چەند ساڵێکە بەردەوامی لە کاری نواندن، لەم ماوەیەدا چ سەردەمێك یاخود چ ساڵانێك بە لای بەرێزتانەوە هونەری نواندنی کوردی بە گشتی (شانۆ، دراما، سینەما) تێیدا گەشەی کردووە؟**


- بەڕای من ساڵانی شەست تاحەفتاکان سەردەمێکی زێڕین بوو، چونکە کورد خاوەنی زۆر شت بوو کە لێیان سەندۆتەوە و داگیریان کردبوو، ئەو سەردەمە چەند کەسێکی بە توانا و بەهرەمەند لە بواری شانۆ و دراما و ئەدەبیات کارێکی زۆریان ئەنجامدا بۆ ئەوەی ئەو کەلتوور و فەرهەنگەی کورد لەناو نەچێت، بۆ ئەم مەبەستەش سوودمان لە وڵاتانی دەوروبەر بینیوە بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی شانۆیی و دراما.

*** باست لە سوود وەرگرتن لە دەوروبەر وەرگرت، بەڵام لە هەشتاکانەوە بەشێك لە شانۆکاران روویان لە ئەوروپا کرد، ئایا ئێمەی کورد دەتوانین لە چ روویەکەوە سوود لە ئەزموونی شانۆی ئەوروپی ببینین؟**

-ئەوانەی کە توانیویانە سوود لە هونەری دەرەوەی وڵات ببینن دەتوانین بە پەنجەی دەست بیانژمێرین، ئەوەی کراوە زیاتر ئەزموون بووە نەك سوود وەرگرتن، بە جۆرێك شارستانیەت و کلتووری ئەو وڵاتە تێکەڵ بە کلتووری خۆمانی بکەین، کوردانی دەرەوە زیاتر سەرقاڵی بژێوی ژیانیان بوون کەم بوون ئەوانەی لە بواری ئەدەب کاریان کرد، چونکە کار کردن و خوێندنی باڵا لە بواری هونەر زۆر گران و زەحمەتە و ئەوانە دەیەها ساڵە لە بواری شانۆ و سینەمادا کار دەکەن، بۆیە ناتوانم بڵێم سوودی لێ وەرگیراوە، چونکە ئەوانەی لە بوارەشن زیاتر ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکەن و نەیانتوانیوە تێکەڵییەك دروست بکەن لەنێوان هونەری کوردی و بێگانە و نەبوونەتە هۆکارێك بۆ پێشکەوتنی هونەری کورد و تا ئێستا ئەو بوارە هونەرییەی لە دەرەوە هەیە هیچ سوودێکی نەبووە. تەنانەت ئەگەر شتێکیش کرابێت لەسەر بنەمای پرۆفیشناڵی و هێنانی هونەری بیانی نەبووە بۆ دەوڵەمەند کردنی هونەری کوردی لە وڵاتەکەمان، بەڵکو بە داخەوە زیاتر کاری کەسی و بازرگانی بە هونەرەوە دەکرێ، ئەو وۆرکشۆپانەی کە پێویستە بکرێنەوە زۆر کەمن و ئەو کەسانەی کە دەچن وەك پێویست سوودی بە هونەری شانۆ و درامای کوردی نەگەیاندووە و زیاتر کاتیی و کەسین، وۆرکشۆپ زۆر پێویستە و مەعریفەیەکی زیاتر بە هونەرمەند دەبەخشێت بۆ دروستکردن و بونیادنانی بواری ئەدەبی و هونەری لە هەموو روویەکەوە.

***لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە لە نێو بواری نواندندا بوونت هەبووە، ئایا نوێکاری لە نەوەکاندا (هونەرمەندان) وەك پێویستە، واتە گەنجەکان وەك پێویست رێز لە کاری پیرەکان دەگرن و بەپێچەوانەوە پیرەکان هاندەر و پاڵپشتی باشن بۆ گەنجەکان؟**

- کاری هونەر لە هەر بوارێکدا بێت شانۆ، دراما، سینەما پیربوونی تێدانییە واتە شتێك نییە پێی بڵێین پیریەتی، ئەنتۆنی کوین تا مرد بەردەوام بوو و هونەرەکەی جوانتر بوو، گرنگ ئەوەیە هونەرمەند چەند راستگۆیە بەرامبەر بە هونەرەکەی و تا چەند راستگۆیە کە بە ساڵاچوو شوێنی گەنجەکان بکاتەوە و رێیان پێ بدات بەهرەکانی خۆیان دەربخەن و هانیان بدات کە کاری باش بکەن، چونکە مەرج نییە هەر گەنجێك هاتە بوارەکەوە داهێنان بکات، بەڵام لە هەموو کاتێکدا پێویستە دەرگای هونەر لە هەموو کات بەرووی هەموو لایەك و هەموو تەمەنەکاندا بکرێتەوە بۆ ئەوەی بە هەموومان بتوانین داهێنان بکەین، پێویستە مێژووی ئەوانی پێش خۆمان





بپارێزین و بۆخۆشمان کار بکەین و ئەوانەی لە ئایندەشدا شوێنی ئێمە دەگرنەوە کار بکەن بۆ دروستکردنی ئایندەیەکی جوان بۆ هونەری کوردی، بەڵام بەداخەوە هونەرمەندی کورد رێز لە مێژووی خۆی ناگرێت، ئێستا هونەرمەندانی کورد لە سەردەمێکی ماددی و نێرگسیدان و خۆدەرخستن شوێنی داهێنانی گرتۆتەوە، هیچیان ئیعتیرافی بە یەکتری ناکەن، ئەگینا ئەگەر ئاوڕ لە مێژوو نەدەیتەوە ناتوانی ئایندەیەك دروست بکەیت، ئەگەر بڕوام بە گەنجێك نەبێت چۆن داوای داهێنان دەکەم، چونکە لەبەر ئەوەی جیهان و رەوڕەوەی ژیان بەرەو پێشەوە دەڕوات لەوانەیە ئەو گەنجە شتی نوێ و جوانی پێ بێت، بە رێزگرتن لە یەکتر و هاندان و پاراستنی مێژووی هونەری کوردی، دەتوانین هونەری خۆمان پێش بخەین، چونکە هونەر بەر لە هەر شتێك رەوشت و رێزە شتێك نییە وەك یاری کردن بە سۆزی یەکتری.

***ئەگەر درامایەکی کوردی نوێ پێشکەش بکرێت چەندین رەخنە و کەموکوڕی بۆ دەبینرێتەوە، کەچی کەناڵەکان پێشبڕکێیانە لەسەر نمایشکردنی دراما دۆبلاژ کراو و خەڵاتیش دەکرێن، ئەم دوو حاڵەتە چۆن لێك دەدەیتەوە؟**

- دراما لە کوردستان تا رادەیەك تازەیە و زۆر جیاوازە لە شانۆ، کورد تا ئێستاوە هەوڵی بۆ دەدات و هەنگاوی بۆ دەهاوێت، کاری لاواز و کاری باشیش لەم بوارەوە کراوە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە هیچ نەکەین و دانیشین، پێویستە کار بکەین، کارێك کە جێگای خۆی بکاتەوە و رەخنەشی لێ بگیرێت، بەڵام نەك رەخنەی رووخێنەر لە کارەکان بکە، هونەری نواندن لە جیهان سەرەتا لە شانۆ دەستی پێکردووە ئینجا دراما و سینەما هاتوونەتە ئاراوە، جیهان ئەم قۆناغانەی بڕیوە، بەڵام ئێمە لەم بوارەدا تازەین، لە وڵاتێکدا کە تەکنۆلۆژیا و سینەما نییە هونەرمەند تەنیا تەلەفزیۆنی هەیە لەگەڵ میدیای کە کاری بۆ بکات و زۆر جار ئەو میدیایەش زیانی پێدەگەیەنێت، لە کوردستان دەقی کوردی باش و کادری بە توانا هەیە، بەڵام بەداخەوە سیناریۆنووسی باشمان نییە کە لەم دەقانە سیناریۆی باش دروست بکات و دیارە کە گرنگترین شت لە کاری نواندن سیناریۆیە، بۆیە پێویستە هاوکاری ئەو کەسانە بکرێت کە لە بواری ئەدەب و نووسین کار دەکەن و وۆرك شۆپی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە لە دەرەوەی کوردستان یان لە ناوەوە بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنا بن.

***ئەی سەبارەت بە دۆبلاژ چی دەڵێیت؟**

- کاری دۆبلاژ لە هەموو وڵاتێك هەیە، بەڵام پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ئایا لە کلتووری وڵاتەکەت نزیکە و دەقەکە چ سوودێکی هەیە بۆ کۆمەڵگای کوردی؟، بەداخەوە کەناڵەکانی کوردستان تەنیا بۆ پڕکردنەوە گرنگی بە بەرهەمەکە نادەن هەر شتێك هەبێت نمایشی دەکەن، هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین هونەرمەندانی کورد لە بواری شانۆ و دراما کار ناکەن و روویان کردۆتە دۆبلاژ، چونکە مادده لەسەرووی مەعریفەوە دێت ئەمەش کێشەیەکی دیکەیە، بەڵام پێویستە هەوڵ بدرێت درامای کوردی پێش بخرێت و تێکستی کوردی گرنگی زیاتر پێ بدرێت و ئەو کارە دۆبلاژانەی پێشکەش دەکرێت هەوڵ بدرێت لە کلتوور و فەرهەنگی رۆژهەڵاتی خۆمانەوە نزیك بێت بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرین نەك تەنیا تەماشایان بکەین، بەڵام کەناڵەکان ئەم کارانەیان لا هەرزانتر و ئاسانترە بۆیە گرنگی بە درامای کوردی و هونەری کوردی نادەن.



**پرۆفایل:**

**ساڵی ١٩٥٧ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەشاری سلێمانی تەواو کردووە.**

**لەساڵی ١٩٧٦وە دەستی بە کاری نواندن کردووە، سەرەتا بە کاری شانۆیی هاتۆتە دنیای هونەرەوە لەو ئەزموونانەی کە هەیبووە زیاتر کۆمبارس بووە شانۆیی «تابلۆتە «سەرەتای کارەکانی بووە کە لەدەرهێنانی غازی بامەڕنی بووە، ئەندامی تیپی نواندنی سلێمانی بووەو پاشان بەشداری شانۆیی» کەللە سەری کردووە.**

**لەساڵی ١٩٨٩ توانی خەڵاتی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق وەرگرێت لە دەرهێنانی شانۆگەری« قەرەج»دا.**

**ساڵی ١٩٩٦ رووی کردۆتە ئەورووپاو لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێ بووەو لەوێ شانۆیی«لەچاوەڕوانی شەمدا»ی پێشکەش کردووە کە لەئامادەکردنو دەرهێنانی خۆی بووە.**

**وەکو ئەکتەر لە درامای ژاڵە بەکاراکتەری (شوانە)و لەدرامای گەردەلوولیش بە کاراکتەری (شێرکۆی محامی) بەشداری کردووە.**

**لەگەڵ کاوەی ئەحمەد میرزا پێکەوە کاریان لە دەقی درامای«وەسێتنامە»دا کردووە، کە یەکەم ئەزموونی بووە .**

**لە بواری دەرهێنانی درامادا دواتریش درامای «ژیلەمۆ» بوو، دواین کاری دەرهێنانی شانۆییشی شانۆگەری «ماری» بوو کە لەڕۆژی جیهانی شانۆدا نمایش کرا.**

## هاليبيری دەبێتە پەند بۆ كيم

لە هەڵسوكەوتێكی دیكەی سەیردا، كيم كارداشيان ئەستێرەی جيهانی بەراوردێكی نادروستی خۆی كرد لەگەڵ هالی بيری ئەستێرەی سينەمايی جيهانی، چونكە لەرووی جەستەييەوە هالی و كيم زۆر جياوازن ئەمەش بەپێی پلانێكی بەردەوامی بيری بووە.

كارداشيان رازی بووە بەوەی وێنەی بە بكينی بگيرێت و لەسەر بەرگی گۆڤاری us Weekly بڵاوبكرێتەوە هەرچەندە نيشانەكانی دووگيانيی پێوە ديارە، لەم بارەيەوە كارداشيان بە شانازييەوە وتی: ئەم شێوەيەی ئێستای جەستەم نيگەرانم ناكات و زۆريش پێی رازيم، لە هەمان كاتدا وێنەگران چەند وێنەيەكی هالی بيرييان بڵاو كردەوە كە ئەويش دووگيانە، كاتێك لە ماركێتێك زۆر بە ئاسايی پياسەی خۆی دەكات و جلوبەرگيشی زۆر ئاسايين تەنانەت هەستيشی پێ نەدەكرا.

هەوادار و لايەنگرانی بيری ئەمەيان قۆزتەوە بۆ ئەوەی ستايشی بكەن لە هەمان كاتدا گاڵتەيان بە كيم دەكرد كە بە بكينی وێنەی گرتووە سەرەڕای ئەوەی لەش و جەستەی زۆر ناشيرين و نارێك بوو و ئەمەيان بە پەندێك زانی بۆ كيم كە پێويستە سوودی لێ وەربگرێت لە ژيانی خۆيدا.





## شاكيرا: ژيان لەگەڵ پيكێ لە The Voice گرنگترە

گۆرانيبێژی ناوداری جيهانی شاكيرا رايگەياند كە خۆشەويستييەكەی بۆ جيرارد پيكێی هاوڕێی بێ سنوورە، هەر ئەم خۆشەويستييەش وايكرد كە بەردەوام بەشداری كردنی لە بەرنامەی The Voice رەت بكاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت زۆرترين كات لەگەڵی بەسەر بەرێت.

شاكيرا لە ميانەی بەرنامەيەكی تەلەفزيۆنيدا ئاشكرای كرد كە بە هيچ شێوەيەك رازی نەبووە پيكێ بە تەنيا بمێنێتەوە، تەنيا لەبەر ئەوەی بەشداری بكات لەم بەرنامەيە، شاكيرا سەبارەت بەم بابەتە زياتر وتی: رازی نەبووم بەشداری بكەم لە بەرنامەكە و لە لۆس ئەنجلۆس بژيم بۆ ئەوەی پيكێ بە تەنيا نەمێنێتەوە، ئەوەشی روون كردەوە كە بۆ ماوەيەكی زۆر بە دوای خۆشەويستيدا دەگەڕا بۆيە نايەوێ ئەو خۆشەويستييەی دۆزيويەتيەوە لە دەستی بدات و بە هەموو شێوەيەك دەيپارێزێت.



# نیللی: پێویستە ئافرەت بڕوای زیاتری بەخۆی هەبێت

گۆرانیبێژی لوبنانی نیللی مەقدسی ڕایگەیاند ئێستا زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتە هونەرمەندەکان ئەو جلوبەرگانە دەپۆشن کە خەڵك پێیانوایە سەرنجڕاکێش و رووتن، بەڵام تەنیا باس لە هەندێکیان دەکەن کە من یەکێکم لەوانەی باسیان دەکەن.

نیللی ڕاشیگەیاند کە هەر لە سەرەتاوە حەزی لە جوانی و جلوبەرگ کردووە و ئەگەر هونەرمەندێکی دیکەی هاوشێوەی هەبوویێت ئەوا ئەو وازی دەهێنا، چونکە من پێموایە تەنیا وەکو خۆمم و کەسی دیکە نییە بتوانێت وەك من بێت، ئەمەش بە بڕوا بوون بەخۆی وەسف کرد نەك لەخۆبایی بوون، چونکە پێی وایە ئافرەت بەر لە هەر شتێك پێویستە بڕوای بەخۆی هەبێت، دەربارەی پێوەندیی خۆی لەگەڵ هونەرمەندانی دیکە، نیللی دەڵێت: نانسی عەجرەمم زۆر خۆشدەوێت، چونکە کەسێکی زۆر باشە، کارۆل سەماحە خاوەن بەهرەیەکی هونەری زۆرە و زۆریش خۆی ماندوو دەکات لە پێناو هونەرەکەی، تەنیا دوو جار ئەلیسام دیوە، بەڵام کاردانەوەی ئەلیسا وەکو پێویست نەبوو بەرامبەرم، بەداخەوە چاوەڕێی ئەوەم لێی نەدەکرد.

سەبارەت بە پیاویش نیللی دەڵێت پیاو بۆ من واتە نیوەی دووەمن و هیچ ئافرەتێك ناتوانێت بەبێ پیاو بژیت، منیش بەشێوەیەکی تایبەت بڕوا ناکەم بتوانم بێ پیاو لە ژیان بەردەوام بم.



# تایلۆر سویفت
## کۆشکێک بە ١٨ ملیۆن دۆلار دەکڕێت

بە هۆی بوونی چەند کەسێکی نزیك لە خۆی لە ناوچەی ڕۆد ئایلاند، ئەستێرەی گۆرانی ئەمریکی تایلۆر سویفت بە جددی بیری لەوە کردۆتەوە ئەویش روو لەو ناوچەیە بکات، بۆ ئەم مەبەستەش کۆشکێکی لەو ناوچەیە کڕیوە کە نرخەکەی ٢٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکییە.

تایلۆر دوای هەوڵێکی زۆر توانیی کۆشکەکە بە بڕی ١٨ ملیۆن دۆلار بکڕێت، چونکە پارەکەی بە کاش و بەبێ قست پێشکەش کرد و دوای تەواو کردنی ڕێوشوێنە یاساییەکان یەکسەر ماڵی خۆی گواستەوە بۆ خانووە نوێیەکەی، شایەنی باسە تایلۆر پاڵێوراوە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین گۆرانیبێژی ساڵی ٢٠١٣ لە پێشبڕکێی Billboard Music Awards کە هەر یەکە لە ریهانا و جاستین بیبەر و وان دیرکشن و مارۆن ڕکابەرێتیی دەکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەم نازناوە.



## کەمال عەلی:

# هونەر لە ژیانمدایە، بەڵام بەربەستیش زۆرن

لە دوای راپەڕین لە کوردســـتان، چەند هونەرمەندێکی لاو دەرکەوتن کە بۆ ئەو کات خزمەتێکی زۆریان پێشـــکەش بە هونەری کوردی کرد و توانییان تا رادەیەکی زۆر ئەو کەلێنەی لە هونەردا هەبوو پڕ بکەنەوە، سەرەڕای سەختیی ژیان لەو کاتەدا.

کەمال عەلی یەکێك بوو لەو هونەرمەندانەی لە ســـاڵانی نەوەدەکان کوردستانی جێهێشت و رووی لە هەندەران کرد، ئەو کات لە ئاستێکی بەرزی هونەریدا بوو و گۆرانییەکانی دەنگ و سەدایەکی زۆریان هەبوو لەنێو جەماوەر.

کەمـــال عەلـــی پێیوایە هونـــەر کارێکە تەنیا بریتی نییە لە پێشـــکەش کردنی ســـیدی و بەرهەمی نوێ، بەڵکو هونەرمەند پێویستە درك بە هەر شتێك بکات کە لە ژینگەی دەوروبەری هەیە و بەناوی کاری هونەرییەوە پێشکەش دەکرێت، چونکە ئەمە راستەوخۆ بەر لە هەر کەسێك پێوەندی بە هونەرمەندانەوە هەیە، ئەم درك پێکردنەش پێویستی بە وردبوونەوە و ئاســـتێکی بەرزی رۆشـــنبیری و وشـــیاری هەیە، لێرەدا میدیاش رۆڵێکی گرنگی هەیە بەتایبەتی تەلەفزیۆنەکان کە پێویســـتە بە یەکســـانی بەرهەم و کلیپی هونەرمەندان بڵاوبکەنەوە، بەداخەوە لە کوردســـتان ئەم کەموکوڕییە هەیە و هەستی پێدەکرێت.

ســـەبارەت بە گرنگیی کاری هونەری بۆ هونەرمەند کەمال عەلی دەڵێت : ئەو کەسەی بەهرەی هونەری تێدا بێت و لە دڵەوە هونەرەکەی خۆی خۆش بوێت بەهیچ شێوەیەك دەستبەرداری نابێت، ئەگەرچی بەربەست و ئاستەنگ لە بەردەم من و هەموو هونەرمەنداندا هەیە.



# سینەمای کوردی لە پێشڤەچووندایە و لە فیستڤاڵە جیهانییەکاندا ئامادەیی هەیە



شیلان سەعدی لە ساڵی ١٩٨٠ لە شاری مهابادی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە بواری سینەمایی لە زانکۆی تاران، ئەندامی ئەنجومەنی سینەمای لاوی مەهابادە وەك دەرهێنەر و فۆتۆگرافەر، شیلان سەعدی بە کورتە فیلمی «کۆڵانێک لە پشت ماڵی ئێمە» خەڵاتی تایبەتی بینەرانی فیستیڤاڵی فیلمی «یڵماز گونای» لە تورکیا بەدەستهێناوە و بەشداریی چەندین فیستیڤاڵی دیکەی کردووە لەوانە فیستیڤاڵی هەولێر و دهۆك.

شیلان لە دیمانەیەکی کورتدا سەبارەت بە سینەمای کوردی و ئەو فیستیڤاڵانەی ساز دەکرێن دەڵێت: لە هەموو شوێنێکی دنیا لە کاتی سازکردنی فیستیڤاڵێك یان ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی تایبەت بە سینەما کەموکوڕی هەر دەبێت و هەموو شتەکان بەپێی خواست و ویستی هەموو لایەکمان نابن، بەڵام گرنگ ئەوەیە سوود لە هەڵەکان وەربگرین و لە داهاتوودا چارەسەریان بکەین، جا هەڵەکان پەیوەست بن بە فیلمەکان یان بە لایەنی هونەری و رێکخستنی فیستیڤاڵەکە.

سەبارەت بە ئاستی فیلمە کوردییەکان جا لە باشوور یان باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش دەکرێن، شیلان پێیوایە سینەمای کوردی بەشێوەیەکی گشتی بەرەو پێشچووە و زۆر هەنگاوی بریوە، بۆ نموونە بەردەوام فیلمە کوردییەکان لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان بوونیان هەیە و خەڵاتیش بەدەست دەهێنن ئەوەش بەڵگەیەکی ئاشکرای پێشڤەچوونی سینەمای کوردییە بەتایبەتی لە بواری کورتە فیلمەوە، لە باشووری کوردستان ئەم پێشڤەچوونە زیاتر هەستی پێدەکرێت ئەمەش بە حوکمی ئەو ئازادییەی هەیە و ئەو پشتگیرییەی کە لە سینەماکاران دەکرێت، بەڵام دیسان دەیڵێمەوە کەموکوڕیش هەیە بۆ نموونە تا ئێستا هۆڵەکانی نمایشی سینەمایی ئەگەر هەشبن وەکو پێویست نەبوون، هەروەها لە هەموو ئەمانە گرنگترن هێشتا خەڵك بە تەواوی لە کەلتووری سینەما نەگەیشتووە واتە سینەما نەبووەتە شتێك کە خەڵك بە گشتی بەچاوێکی گەورەتر و بەرزترەوە سەیری بکات، لەمەشدا زیندووکردنەوە یان پتەوکردنی کەلتووری سینەما لە زهنی خەڵکدا کارێکی گرنگ و پێویستە و دەبێ کاری لەسەر بکرێت، بێگومان گەیشتنی سینەمای کوردی بە ئاستی سینەمای جیهانی خەونی هەموو لایەکمانە و بە کار کردنی بەردەوام و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان ئەم خەونەمان دێتە دی.